# ساڵی ٢٠٠٦، دەنگ و ڕەنگی نوێ




هونەرمەندی لاو (پێشەنگ ئیبراهیم) بە کلیپی گۆرانی (ئەو ڕۆژانەی) کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە لەکەناڵە کوردیەکانەوە بڵاوکرایەوە لەدەرگەی هەموو ماڵە کوردێکی داو بە گەرمییەوە پێشوازی لێکرا. ئەوەی شیاوی باسە لەساڵی رابردوو بەهاوکاری هونەرمەندانی بە توانای وەك سەید ئەحمەد بەرزنجیو ئاراس کۆیی چەندین گۆرانی دیکەی تۆمارکردبوو. ئێستاش خەریکی کلیپ کردنی گۆرانیەکی دیکەیە کە لەچەند وڵاتی ئەوروپا وێنەگرتنی بۆ کراوە. پێشەنگی دەنگخۆش سەرقاڵی کۆکردنەوەی هۆنراوەو ئاوازی نایابە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو سیدیەی کە بڕیار وایە لەم ساڵەدا بۆ ئاشقانی دەنگی بیکاتە دیاری. ئێمەش هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازین.

**مەبەست عەزیز - ئەڵمانیا**

# دارین، ناوێکی دیاری جیهانی مۆزیك



دارین زانیار کوڕی دایك و باوکێکی باشووری کوردستانە، چەندین ساڵە لەوڵاتی سویدا دەژی. خاوەن دەنگێکی بەسۆزە، لاوانی سوید حەز بەدەنگی دەکەن. دوو ساڵ لەمەوبەر لەکێبەرکێی ئیدۆلی ٢٠٠٤، کە بەرنامەیەکی ساڵانەی تەلەفزیۆنی وڵاتی سویدەو بۆ دەستنیشانکردنی باشترین گۆرانی بێژی ئەو وڵاتە بەڕێوەدەچێ، پلەی دووەمی بەدەست هێنا. هەروەها بە گۆرانی (پارە بۆ هیچ) کە ساڵی رابردوو بڵاوی کردەوە ناوبانگێکی گەورەتری پەیداکرد.

دارین لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵییەو دانیشتووی شاری ستۆکهۆڵمی پێتەختی وڵاتی سویدە. لەراپرسیەکی ڕۆژنامەی (سیتی) دا کە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ناساندنی باشترین هاوشاری ستۆکهۆڵمی ئەنجامدرابوو، دارینو دوو کەسی دیکە دەستنیشان کرابوون. ڕەقیبەکانی دارین کەسێکی ئاسایی نەبوون. یەکێکیان باشترین چێشتلێنەری کەناڵی تەلەفزیۆن (ستیڤان ئێریکسۆن) و ئەوی دیکەیان یەکێك لەئەکتەرەکانی سینەمای سوید (ماریت بەریمان) بوون. بەڵام دارین توانی ٦١٪ی دەنگەکان بەلای خۆی رابکێشێو (ستیڤان) ٢٨٪و (ماریت) یش تەنیا ١١٪ لەدەنگەکانی بەدەست بێنن. بەم شێوەیە دارین بە باشترین ستۆکهۆڵمی هەڵبژێردرا. سەبارەت بە یەکەمین بەرهەمی دارین، (ماریت بەریمان) نووسیویەتی: (یەکەم جار کە لەگەڵ دارینـدا قسەم کرد، ئەو لەماڵەوە دانیشتبوو، گوێی لەمایکل جاکسن دەگرتو تۆزێکیشی لەو گۆرانییەی بۆ من گوتەوە. دارین زانیاریش لەم بارەیەوە، دەڵێ: (ماریت زۆر دڵسۆزە، کاتێك تەلەفۆنی بۆ کردمو ویستی لەگەڵیدا گۆرانی بڵێمەوە، زۆرم پێخۆش بوو).




Foto: Jonas Linell

ئەمساڵ لەراپرسییەکدا پلەی باشترین گۆرانی بێژی پیاوی مسۆگەر کردو لە ٢٠٠٦/١/١٥ خەڵاتەکەی وەرگرت. هەرچەندە دارین بە زمانەکانی سویدیو ئینگلیزی گۆرانیدەچڕێ بەڵام لەنێو لاوە کوردەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە جێگەیەکی تایبەتی هەیەو زۆربەیان حەز بەدەنگی دەکەن. لەزۆربەی ماڵە کوردەکاندا وێنەی دارین هەڵواسراوە. هەندێك لەکچان وێنەی ئەویان لەسەر تیشێرتەکانیان نەخشاندووە. بەمەش نەیاری بۆ پەیدابووە و هەندێ کەس ئیرەیی بە ناوداریەکەی دەبەن.

# یابانیەکان حەزیان لییێە بە کۆمەڵ خۆیان بکوژن



رۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٥ پۆلیسی یابان رایگەیاند: {تەرمی سێ پیاوو ژنێك کە بەگازی کاربۆنیك خۆیان کوشتبوو لەنێو ئۆتۆمبێلێکدا لەباکوری تۆکیۆ دۆزراونەتەوە}. ئەو چوار کەسە تەمەنیان لەنێوان ٢٠ تا ٣٠ ساڵیدابووە، بەئۆتۆمۆبیلی خۆیان چوونەتە ناودارستانەکی چڕی تۆکیگاوای باکوری تۆکیۆو بە کۆمەڵ خۆیان کوشتووە. شیاوی باسە لە ٢٠٠٥/١٢/١٢ چوار یابانی دیکە پێکەوە بە هەمان شێوە بەگازی کاربۆنیك خۆیان کوشتووە، ئەوانیش سێ پیاوو ژنێك بوون. لەنێو گەراجێکی شاری یابۆ لەنێو ئۆتۆمۆبیل خۆیان کوشتبوو. لەمانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤ تا کۆتایی ٢٠٠٥ دەیان یابانی دیکە هاوشێوە بە کۆمەڵ خۆیان کوشتووە. پۆلیس دەڵێ: ئەوانە زۆربەیان لەرێگەی ئینتەرنێتەوە ئاگایان لەیەکتر هەبووەو بەیەکەوە ئەو بڕیارەیان داوە}. حکومەتی یابان لەو دیاردەیە زۆر نیگەرانەو پێیوایە هیچ هۆکارێك بۆ خۆکوشتنی یابانیەکان لەئارادانییەو ئەو مەسەلەیە وەك گرێکوێرەیەکە بۆ دەسەڵاتدارانی یابان.

# یلدز تیبلە:

# من شەرم لە کوردبوونم ناکەم



لەبەرئەوەی لەبەرنامەکەی خۆیدا کە لەتەلەفزیۆنی ستار پەخش دەکرێ، بە کوردی گۆرانی چڕیوە، یلدز تیبلە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری دەوڵەتی تورکیاوە هۆشیار کراوەتەوە، بەڵام یلدز تیبلە لەگرنگی هۆشیارکردنەوەکەی کەمکردەوەو رایکەیاند: دایکم خەڵکی دەرسیمەو زازایە، باوکم خەڵکی ئاگرییەو کوردە، من نکۆڵی لەڕەگەزی خۆم ناکەمو شەرم لەکوردبوونی خۆم ناکەم، ئەوەی نکۆڵی لەنەتەوەی خۆی بکات زۆڵە، ئەوەی ئەمەم لێ قەبوڵ ناکات با گوللە بارانم بکاتو بمکوژێ. ئەوەی شیاوی باسە یلدز کاتێ ئەو هۆشیارکردنەوەی ئاشکرا کرد کە (ڕۆژین)ی هونەرمەند لەچڕینی گۆرانی جانێ جانێ بۆوە کە شەوی دووشەممە رێکەوتی ٢٠٠٦/١/٩ لەتەلەفزیۆنی ستاردا بڵاوکرایەوە. ڕۆژینی هونەرمەند چێژی لەقسەکانی یلدز وەرگرتو بەدرێژی لەسەر زمانی کوردی راوەستاو دیاریکرد کە زمانی کوردیش وەك زمانەکانی دیکە شیرینەو مافی رۆڵەکانی نەتەوەی کوردە کە بەکوردی بدوێنو گۆرانی بڵێنو بخوێنن.

سەرەنجام بەرێوەبەری TV ستار لەترسی رژێمی تورك بەرنامەکەی لەیلدز سەندەوە.

# قەڵەوترین مرۆڤ

خاوەنی ئەم وێنەیە ناوی (مانۆئیل ئۆربن) خەڵکی وڵاتی مەکسیکە. بە قەڵەوترین مرۆڤی جیهان دادەنرێ، کێشەکەی ٥٥٠ کیلۆگرامە. بەهۆی قەڵەویەکەیەوە ناوبانگێکی زۆری پەیداکردووەو زۆربەی خەڵکی وڵاتەکەی دەیناسنو حەز دەکەن سەردانی بکەن، بەڵام مانۆئیل ناتوانێ لەشوێنیخۆی بجولێتەوە، تەنیا بە دانیشتنەوە پێشوازی لەمیوانەکانی دەکات. ئەمەیە دەدرە قەڵەوی!!



# خالۆ ئەواکس دەڵێ

* نووسەرێك کە لەهەندەران دادەنیشێ، خۆی بە رادیکالو پێشکەوتنخواز دادەنێ، جاران بەردەوام لەدژی دەسەڵاتی کوردستانی دەنووسیو داوای لەخەڵك دەکرد کە ئەو لایەنانە رەت بکەنەوەو بەدوای ئەلتەرناتیڤدا بگەڕێن، بەڵام ئێستا بەنیازە بچێتەوە کوردستان، نەرمی دەنوێنێ، ئیمزا لەسەر ئەو کەمپینانەش ناکات کە داوای ئازادی رادەربڕین دەکەن. لەم ڕۆژانەدا بە تەلەفۆن بە دۆستێکی نزیکی خۆی گوتبوو: من کاری خۆم کردو ئەرکی خۆم بە جێگەیاند، پەیامەکەی من شوێنی خۆی گرت، ئەوەتا بە دواما دەنێرنو داوام لێدەکەن بۆ راستکردنەوەی کەموکوڕییەکان هاوکاریان لەگەڵدا بکەم، منیش دەیکەم!.

* یەکێك دەیگوت: حکومەت کەروێشك بە عارەبانە دەگرێ. ئەو کەسەی کەخوی بە نەیاری دەسەڵات دادەناو هەڕەشەی لەحکومەت دەکرد داوای گۆڕینی دەکرد بە تاقە یەك خانووی دۆلارەوە دەستەمۆیان کرد. یەکێکی دیکەش وەڵامی دەدایەوەو دەیگوت: بەخوا ئەگەر هەموو دۆلاراوەی لەسەر تاپۆ بکەن واز لەسیاسەتی خۆی ناهێنێ، ئەو سەری کەروێشکی حکومەت بە مسواك دەبڕێ

* کوردپەروەرێك گوتی: ئەو دادوەرە بە ئازایەتی خۆی رەسیدو ناوبانگێکی باشی بۆ خۆیو بۆ کورد تۆمار کرد، بەڵام سیاسەتبازەکان چاویان پێهەڵنایەتو پاشقولی لێدەگرن. ئەندامی حزبێکیش لەوەڵامیدا گوتی: ئاخر چۆن دەبێ بە سەدامی دیکتاتۆرو کوردکوژ بڵێ سەید سەدام؟!، هەقە لەتەنیشت ئەوی دابنێنو دادگەیی بکەن!.

کوردپەروەرەکە بە هێواشی چرپاندی بە گوێچکەیو گوتی: دەزانم قسەکانم دەگوازیتەوە، بەڵام هەر دەیڵێم: ئەی بۆ سیاسەت کارەکان بە (سەیدولرەئیس، سەیدولقائید، سەید رەئیس ئەلجەمهوریە) ناویان دەهێناو و ئێوەش چەپڵەتان بۆ لێدەدان!.

* یەکێك لەهەندەران هاتۆتەوەو لەکوردستانە، چاوەڕوانە حکومەت پێکبێو پۆستی وەزیری هێنی پێببڕێ.

ئێستا پێناوی لەنێوان ئەملاو ئەولا دەکاتو نامەی گوڵئامێز بۆ ئەوانەی هەندەران رەوانە دەکاتو لێیان دەپاڕێتەوە کە بێنەوە کوردستانو لەنزیکەوە راستیەکانو پێشکەوتنەکانو موعجیزەکان ببینن.

# ئابرۆنی

**جەبار سابیر**

## هەڵامەتی باڵندەو شتی تر

هەر ماوەیەو خەڵك بەشتێکەوە سەرقاڵ دەکەنو وایلێدەکەن هەرچی خەموو خەفەتەکانی ترییەتی بیری چێتەوە، پار ئەم حەلە زراوی ئەم خەڵکەیان بەوە تۆقان کەوتیان نەخۆشی (سارس) بڵاوبۆتەوەو هاکا گەیشتە ئەم وڵاتە وێرانەی خۆشمان، خەڵك هەمووی چاوەڕێی سارسی کردوو کەچی سارسیش ئەسڵەن بێزی نەهات بێت بەوڵاتێکدا کەپڕبێت لەخەڵکی ویژدان تۆپیوو بەرپرسی نابەرپرس، چوون ئەو دەیزانی بوونی ئەو هەموو بەرپرسە لەم وڵاتەدا لەبڵاوبونەوەی سارس و (جەمرە لخەبیسە) گەلێ کاریگەرترە بۆ کوشتنی خەڵك.

ئەمساڵیش لەهەمان وەختەکەی ساڵی پاردا دەنگۆیان بڵاوکردەوە کەهاکا لە(ئامەدو وان)ەوە نەخۆشی (هەڵامەتی باڵندە) گەیشتە کوردستانە شیرینەکەی خۆمان، دواتریش لە(سەرکەپکان) کچێکی چواردە ساڵانە مردو وتیان رەنگە هەڵامەتەکەبێت، کەچی بۆیان دەرنەکەت، زرم کارەبا بڕاو پاتری کۆمپیوتەرەکەشم بەرگەی تەواوکردنی ئەم باسە توبییە ناگرێت، بەڵام توخوا بڵاوبوونەوەی سارسو هەلامەتی پەلەوەر لەگەڵ ئەم زوڵمەدا جیاوازی چییە کەئیدارەکانی کورد لەخەڵکی دەکەن. خەڵکێك مانگی دوو وەرەقە بداتە خاوەن خانوویەکی بێوژدانو ئاوو کارەبایشی نەبێت، وەکو ئەوە وایە تووشی ئەنفلۆنزای پەلەوەر بووبێتو بەڵام ڤایرۆسەکە وەك ڤایرۆسی کۆمپیوتەر وابێت نەئەوەتا بیکوژێتو نەئەوەتاش بەرییباتو بڕوات.

سەدامی نەعلەتی لەسەردەمی شەڕی کەنداوی دووەمدا هەزارەها تەن زەمقی ئاویو شتی تری بەو بۆنەیەوە سەرفکرد، کەگایا ئەمریکا چەکی کیمیایی لەخەڵك دەسرەوێنێ، هەر پەنجەرەی ماڵێکت دەبینی راستو چەپ زەمقی پیا هاتبووە خوارەوە، لەسەردەمی شەڕی کەنداوی سێهەمدا دیسان خەڵکی کورد لەترسی دەس وەشاندنەکانی سەدام گوندەکانیان ئاوەدانکردەوەو یەك دنیا نایلۆنو شتی لەو بابەتە سەرفبوو، کەچی سەدام فریای خۆشاردنەوەیەکی گورگ ئاساش نەکەوتو وەك جرج خۆیشاردەوەو مشکیش ئاشکرایکرد. ژنێکیش لەساویلکەیی خۆیدا وتبوی وەڵا ئەترسم دوای ئەو هەموو مەسرەفو نایلۆن کڕینەش سەدام کیمیاییەکە نەتەقێنێ. ماوەیەك باوی دەستورو شەڕی دەستوری بوو، کەچی ئەو دەستورە نەبووە دەسکێ توریش، ماوەیەك باوی هەڵبژاردنو دەنگدانی خەڵك بوو بۆ پەڕلەمانی عێراقی کەچی ئێستا باوی پێکهێنانی حکومەتی تەواوفوقی نیشتمانییە، کەتێیدا ساڵح موتلگو تارق هاشمیو شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ هیچ جیاوازییەکان نامێنێ.

جاتۆ وەرە بڕانە خەڵکی عێارقێك بەرگەی ئەو هەموو حزبو ئاغاو کوێخاو هەڵبژاردنو بەزمو رەزمە بگرێت چۆن بێمنەت نابێت لەهەڵامەتی باڵندەیەك کە لەتاو گیانی خۆی دەردەکە تووشی مرۆڤێك دەکات کە ئاگای لەدنیا نییە، بەڵام ئەوەی دەبێتە جێگەی پرسیارو سەرنجی من بۆچی هەموو ئەوە دەردوو بەڵا سروشتیو دەستکردانەش بەگشتی تووشی خەڵکی هەژارو نەداری ئەم دنیایە دەبێت؟ ئەرێ بەراست بۆچی؟

ROJI GEL
Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK
Mob:07701398499 07301191497

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com